# دەروازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان

فەهمی کاکەیی[1]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٠٥ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢١/٠٢/١٠

**پوختە**

یارسان، کە چەند ناوێکی تریشی هەیە وەک: کاکەیی، ئەهلی حەق و تایفە، ئایینێکی کوردییە و پەیڕەوانی زیاتر لە کوردستاندا دەژین، بەڵام لە دەرەوەی کوردستانیش هەن. ئەگەر فەلسەفەی سەرەکییەکەی ئەم ئایینە بگرینە بەرچاو کە ئەویش مەسەلەی (دۆنایدۆن)ە، ئەو کاتە باس لە سێیەم ئایینی گەورەی جیهان دەکەین کە باوەڕمەندانی بڕوایان بە (دۆنایدۆن) هەیە. یارسان وەک خۆی کە لە هەرێمی پەهلەوییان زیاتر دەرکەوتووە و بڵاو بووەتەوە و گەشەی سەندووە لە پاش هاتنی ئایینی ئیسلامەوە کاری بۆ کراوە. ئەم ئایینە لەسەر ئەو باوەڕانەی پێشتر لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا بڵاو بوون سەری هەڵداوەتەوە. کە دەڵێین کاری بۆ کراوە واتە باس لە گەشەکردنی ئەم ئایینە دەکەین لە ماوەی پێنجسەد ساڵدا، ئەویش لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، کە ئیتر لەسەر دەستی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی نۆژەنکراوەتەوە و پایە و بنەما سەرەکییەکانی جێگیر کراون. سەرهەڵدانی ئەم ئایینە لە پاش ئیسلام بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ناوچەکە ڕووبەڕووی باوەڕ و زمان و فەرهەنگێکی نوێ بوونەتەوە کە بە لایانەوە نامۆ بووە، ئەویش زمان و فەرهەنگی عەرەبییە. بۆ پاراستنی زمان و فەرهەنگی خەڵکی ناوچەکە و لەسەرپێهێشتنەوەی باوەڕی خۆیان هاتوون ئەم ئایینەیان بنیات ناوە و زمانەکەیان دەستنیشان کردووە کە ئەویش زمانی کوردی/ زاری گورانی بووە. تا ئێستایش ئەم ئایینە هەموو مەراسیمەکانی خۆی بەو زمانە جێبەجێ دەکات. هەڵبەتە خەڵکێکی تریش کە زمانیان زمانی کوردی نەبووە، وەک فارس و ئازەری کە سەریان بەم ئایینە سپاردووە ئەوانیش هەر بە زمانی کوردی مەراسیمی ئایینییان بەڕێوە بردووە. لایەنێکی تری فەرهەنگ جگە لە زمان مۆسیقای ئایینیی ئەو سەردەمە بووە کە ئەویشیان تا ئەمڕۆ پاراستووە و گەشەیان پێی داوە. دەکرێت بگوترێت ئەم ئایینە گرنگییەکی زۆری بە فەرهەنگی خەڵکی ناوچەکە داوە و بە زیندوویەتی پاراستوویەتی.

**کلیل وشە:** یارسان، کاکەیی، ئەهلی حەق، کەلام، سوڵتان سەهاک، کورد، کوردستان.

١- سەرنووسەر گۆڤار شنرویَ.

# درگهی برای شناخت آیین یارسان

فهمی کاکه‌یی[1]

تاریخ دریافت: ۱۳۹۹/۰۸/۱۵ تاریخ پذیرش: ۱۳۹۹/۱۱/۲۲

## چکیده

یارسان چند اسم دیگر هم دارد، همانند: کاکه‌یی، اهل حق، طایفه که یک آیین کردی است و پیروان آن بیشتر در کردستان زندگی می‌کنند؛ اما مردمان پیرو نیز خارج از کردستان می‌باشند. اگر فلسفه بنیادین این آیین را مورد مداقه قرار بدهیم به مسئله دونادون می‌رسیم، که آن بحث در مورد سومین آیین بزرگ دنیا است که باورمندان آن اعتقاد به دونادون دارند. یارسان در سرزمین پهلویان نشر و نضج پیدا کرده است و پس از آمدن اسلام به منطقه گسترش پیدا می‌کند. این آیین را می‌توان باقی مانده‌ی افکار پیشینیان منطقه دانست که از قرن دوم هجری تا قرن هفتم به مدت پانصد سال در تداوم فعالیت هویت خواهی هستند که در قرن هفتم هجری توسط سلطان اسحاق برزنجه‌ای تجدید مفهوم می‌گردد. زنده شدن این آیین پس از ورود اسلام به این دلیل بوده که مردم منطقه زاگرس با شیوه‌ای فکری، زبانی، فرهنگی و آیینی تازه و غریبی به اسم زبان و فرهنگ عرب مواجه می‌شوند. پس برای حفاظت از زبان و فرهنگ خود با زبان و ادبیات کوردی و گویش گورانی این تفکر را نشر می‌دهند، و تا کنون نیز با همین شیوه‌ی زبانی و فرهنگی مراسمات آیینی خود را به جا می‌آورند. البته مردمان دیگری که بعدها به این آیین گرایش پیدا می‌کنند همانند: فارس‌ها و آذری‌ها ایشان هم با همین زبان کوردی گورانی مراسم خود را به جا می‌آورند. بُعد دیگری که در این آیین مورد توجه بوده بحث موسیقی بوده است که همانند زبان مطرح شده آنرا تا کنون حفظ کرده‌اند. می‌توان گفت که این آیین اهتمام ویژه‌ای به فرهنگ مردم منطقه داده است و آن را حفظ کرده.

**کلید واژه:** یارسان، کاکه‌یی، اهل حق، کلام، سلطان سهاک، کرد، کردستان.

[1] سردبیر فصلنامه شنروی

# An introduction to learning about the Yaresan religion

Fahmi Kakaee[1]

Recive data: 2020/11/05 Accpte data: 2021/02/10

**Abstract:**
The religion of Yaresan, which is also known as Kakaee, Ahle Haqq or Taifa, is a Kurdish religion whose practitioners predominantly live in Kurdistan (there are also some followers of Yaresan live outside of Kurdistan). Yaresanism is the world's third largest religion in which the belief in reincarnation is a fundamental building block. Yaresanism, which emerged in the region of Pahlavian, spread after the advent of Islam. Yaresanism has developed for over 500 years and finally manifested into its current form. It was around 800 A.D in which the religion began to slowly emerge, and during the 13th century in which it finally crystallized and its main pillars were consolidated by Sultan Sahak. The reason behind the emergence of Yaresanism is that the local population of Pahlavian had just recently been introduced to a new faith, new language and new culture which were alien to them, i.e. the Arabic language and Arab culture. Thus, Yaresanism began to emerge, as an attempt to protect the local language and culture of the people, the Kurdish dialect of Hawrami was used as the liturgical language for this religion. To this day, Yaresanism and its religious ceremonies and rituals are practiced in Kurdish. Other ethnic groups who converted to the religion, such as Persian or Azeri, have also practiced the religion in Kurdish. In addition to language, another aspect of culture are the religious songs and music that have been practiced during that era, which have so far been preserved and nurtured. In other words, Yaresanism adopted the culture of local people and has been preserved so far.

**Keyword:** Yaresanism, Kakaee, Ahle Haqq, Klam, Sultan Sahak, Kurd, Kurdisatn.



1- Editorial of Journal Shinrwe

## پێشەکی

فەلسەفە و مێژووی ئایینی یارسان وەک زۆربەی ئایینە باتنییەکانی دیکە زۆر تەم و مژاوییە، لە لایەکەوە ئەم فەلسەفە و مێژووە و تەواوی نووسراوەکانی بە نهێنی پارێزراون و ڕێوڕەسمەکانی بە نهێنی ئەنجام دەدرێن و لە لایەکی دیکەوە یارسان ئایینێکی تەبشیری نییە، واتە بە دوای ئەندامانی نوێدا ناگەڕێت، بۆیە پێویستی بەوەش نییە باسی خۆی بۆ کەسانی غەیرەدین بکات. ئەوەی لە دایک و باوکێکی یارسانی لە دایک بووبێت دوای بەدەستبردن(سەرسپاردن) دەکەوێتە سەر ڕێبازی ئەم ئایینە. لەبەر ئەو هۆیانە باوەڕمەندانی ئەم ئایینە بە خۆیان تا ئەم ساڵانەی دواییش باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئایینەکە نەکردووە و ئەوانەی دەرەوەی ئایینەکەش نەیانتوانیوە لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر بکەن. ڕاستە لە سەدەی پێشوودا چەندین بڵاوکراوە لە شێوەی کتێب و لێکۆڵینەوە خراونەتە بەر دەستی خەڵک، بەڵام دیسانەوە ئەو نووسراوانە یەکبیر و یەکگوفتار نین و وێنەیەکی تا ڕادەیەک لێڵ بە خوێنەران دەدەن و هەر یەکەو دەیەوێت بەپێی بیروبۆچوونی خۆی باس لەم ئایینە بکات. زۆربەی جاریش بە بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر دەقە ئاینییەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچووکان. من هەوڵ دەدەم لەم گوتارە سادەیەدا بەپێی توانا و بە پشتبەستن بە سرووده ئاینییەکان دەروازەیەک بە ڕووی ئەم ئایینەدا بکەمەوە بۆ کەسانێک کە خۆم وای بۆ دەچم دەیانەوێت هێڵە گشتییەکان و بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئایینە بزانن. بۆیە گوتارەکە بە شێوەیەکی سادە دەبێت و دید و بۆچوونی خەڵکی تر کە لەمەوپێش لەسەر ئەم ئایینە نووسراون هێندە ناخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و باس، و لە ڕەگوڕیشەی لەمێژینەی ئایینەکە هێندە ناکۆڵمەوە.

## ناوەڕۆک

ئایینی یارسان جگە لەوەی ئایینێکی یەکتاپەرستییە، وەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمان پێی دا تەبشیری نییە و بە نهێنی پارێزراوە، هەروەها دەتوانین بڵێین چ پەیامبەرێکی نییە (بە شێوە زاهیرییەکەی) کە لە لایەن ئێزدانەوە نێردرابێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئایینی یاری یان یارسان باوەڕی بە دۆنایدۆن هەیە و مەولا (خودێ) خۆی دێتە سەر زەوی و هەنگین یارانیشی لەگەڵدایە. هاتنی مەولا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا گیانەوەرێکی بەگومانە و بۆ ئەوەی باوەڕ بە شتەکان بکات پێویستی بە بەڵگەی بینراو هەیە، تەناتەت پێویستی بەوەش هەیە جار جار خودا لە شێوەی مرۆڤدا خۆی پیشان بدات.

نەبوونی پەیامبەرێک بە ئاشکرا، هەبوونی پەیامبەرێک بە شێوەی (باتنی) ئینگار ناکات. هەردەوێڵ کاکەیی لە کتێبی (پەیامی کاکەیی) دەفەرمووێت: لە سەدەی حەوتەمی کۆچی، لە سەردەمی پردێوەر و سوڵتان سەهاکدا بنیامین(پیر بینیامین) بوو بە پایەمبەری و ڕەجاچی هەر هەموو یارسان، ئایینی یارسانیش بە تەواوی بووژایەوە، ئەمەیش چەند کڵامێکە پەیەمبەریی (پیر بنیامین)مان بۆ ئیسپات دەکات:

- پیر ئیبراهیمی تەورێزی لە "بارگە بارگە"ی ژمارە (٧٢)دا، دەفەرمێ:

بنیام وە یاران بی وە پێغەمبەر　　　　پەی شفاخوازیی جوملەی نامەوەر

واتە: بنیامین بۆ یاران بوو بە پێغەمبەر و رجاچیی هەموو یارسان.

- داودی دیوان لە (دیوانی بابا یادگار)دا دەفەرمێ:

پیر بنیامینەن وە یار پێغەمبەر　　　　دەریای ڕەحمەتەن پەی گرد نامەوەر

واتە: پیر بنیامین پێغەمبەر و دەریایەکی ڕەحمەتە بۆ یارانی نامەوەر(هەڵگری نامە/باوەڕدار). (هەردەوێڵ، ٢٠١٢: ٦٢٠، ٦٢١)

ئەی بۆ دەڵێین ئایینێکی نهێنییە کاتێ کە مەولا دەبێت خۆی ئاشکرا بکات؟ لە ڕاستیدا سوڵتان سهاک کە نۆژەنکەرەوەی ئەم ئایینەیە بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ ئایینەکە کردووە، هەروەها ئەوانەی وا بەر لە ئەویش هاتوون، وەک بالوولی دانا، شاخۆشین، بابا ناووس و بابا سەرهەنک، بەڵام لەبەر ڕاونان و ئەزیەتدانیان، سوڵتان سهاک ناچار بووە بۆ پاراستنی ئایینەکە و یارانی بیکات بە نهێنی، ئەمە بۆچوونی منە، چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە نهێنی بوویێت ئەدی ئەو خەڵکە چۆن کەوتنە سەر ئەم ڕێبازە؟ بەربەرەکانێی ئەم ئایینە لە سرووەدەکانی دەورەی سوڵتان سهاکدا ڕوون و ئاشکرایە.

عابەدینی جاف کە یەکێک بووە لە زاناکانی هەرە بەرزی سەدەی هەشتەمی کۆچی و لە لای مەلا ئەلیاسی شارەزووری فقهی ئیسلامی خوێندووە و پاشان سەری بە ئایینی یاری سپاردووە، لە لایەن خەڵکی دیکەوە زۆر ئەزیەت دراوە و دژایەتی کراوە. عابەدینی جاف لە یەکێک لە سرووەدەکانی دەفەرمویێت:

ئێوە هەر چەند داتان لێمان　　　　ئەجر و گونا نەما پێمان
کردەی قەدیم هاتە ڕێمان　　　　وەکوو کوورەی ناری حەدداد
قاڵ بووین بە دار قەومی شەدداد　　　　ئەمجار وەختە بێینە فەریاد
وەختە شالیار بێ بە دەسگیر　　　　بچین بۆ لای ئاغەی ئەمیر
ئەم مەخلووقە دەرچی لە ویر　　　　دڵخۆشیمان بدەن لە جەم

| | |
|---|---|
| به شادی بێ ئەم کوورەی غەم | زولاڵ ببین له تۆز و تەم (بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٣٠٣) |

**ناوی ئایینەکە**

ئەم ئایینە و پەیڕەوانی زۆر ناویان لێ نراوە، باوترینیان سێ ناون کە لێرەدا لێیان دەکۆڵینەوە، ئەویش: کاکەیی، ئەهلی حەق و یارسان.

**کاکەیی:** هەر وەک دیارە بۆ هەمووو لایەک ئەم ناوە لە وشەی (کاکە)ەوە سەرچاوە دەگرێت، کاکە لێرەدا بە مانای براگەورە دێت، هەرچەندە لە هەندێ شوێنی کوردستاندا بە تایبەتی لە گەرمیان وشەی کاکە لە جیاتی (بابە)ش بەکار دەبرێت. لەوە دەچێت پەیڕەوانی ئەم ئایینە بە وشەی (کاکە) یەکتریان بانگ کردبێت لە لایەکەوە وەک ڕێزلێنان، واتە تۆ کاکەی منی، یانی براگەورەی منی، لەلایەکی ترەوە وەک هاوباوەڕ، یان هاوبیر. ڕیشەی ئەم وشەی( کاکە)یە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی، کە لە شارۆچکەی بەرزنجەی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە باشوری کوردستان، لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، هاتووەتە دونیاوە. سوڵتان ئیسحاق بە نوێکەرەوە و یاسادانەری ئەم ئایینە دەژمێژدرێت. لە لایەکی دیکەوە وشەی (کاکە) یان (کاکەیی) لە هەندێک لە سرووده ئایینییەکانی دەورەی سوڵتان ئیسحاق ناو دەبرێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە هەندێک لەو سروودانە وەک نموونە دەهێنینەوە. شا ئیبراهیم کە کوڕی سەید موحەممەدی گەورەسوارە، لە یەکێک لە سرووده ئایینییەکانیدا کە بە زاراوەی (گۆران)ییە و باسی دۆنایدۆنی خۆی دەکات، دەفەرموێت:

| | |
|---|---|
| ئیبراهیم نەسەر، ئیبراهیم نەسەر | بەقای دەور دین یاریم کەفت نەسەر |
| ئیبراهیم بیانم فەرزەند ئازەر | بتم شکست دا بیم وە پێغەمبەر |
| کاکام یادگار ئیسماعیل بیانی | سەرش بی وە ڕای حەق وە قوربانی |

(بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ١٧٩)

لێکدانەوە: لە سەرەتاوە من ئیبراهیم بووم (مەبەست ئیبراهیم پەیامبەرە)، من بتەکانم شکاند و بووم بە پەیامبەر، کاکە یادگار لە دۆنی ئیسماعیل بوو (مەبەست ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم)ە کە لەڕێی (حەق)دا کرایە قوربانی. کاکە یادگار، ناوی سەید (ئەحمەد)ە و بە (باوە یادگار) ناسراوە، یەکێکە لە گەورەپیاوانی کاکەیی و هاوچەرخی سوڵتان بووە، ئەندامی بازنەیەکی ئایینیە بە ناوی (هەفتەن)، هەروەها بەرپرسی کاروباری عیرفانییە. عابەدینی جاف کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە و سروودەکانی خۆی بە شێوەزاری کرمانجیی ناوەندی/جافی نووسیوە، دەفەرموێت:

ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم بەڵەدمی کرد شای شاسوارم
منی خستە سەر ڕێی ڕاسی هەتا بژیم بە بێکاسی
من (عابەدین)ی کاکەییم ئاخر بە مەرامی خۆم گەییم (بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٣٠٣)

لە لایەکی ترەوە بۆچوونی مێژوویی دیکەیش هەن دەربارەی کاکەیی، لەوانە: لە کتێبی (آريا القديمة و كوردستان الأبدية) نووسینی (سەلەوات گولیامۆف) باس لە هەبوونی کاکەیی دەکات لە هیندوستانی کۆن و دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی چوارەم و پێنجەمی بەر لە زایینی: هیچ ڕۆژێک زاناکان گومانیان لە هەبوونی کوردی کاکەیی یان هۆزی کاکەیی نەبووە، شانبەشانی بەهلەوییەکان و شاکییەکان و یاڤییەکان و داردوویەکان (هەرێمی داردستان لە باکووری هندوستان) ... بە هەر حاڵ هیچ گومانێک لەوە نییە کە کاکەییەکانی مهابرات بە تەواوەتی لەگەڵ کوردی کاکەیی(Kakey) ئەوانەی ئێستا لە ئێران و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەژین لە لایەنی ئەتنیکییەوە یەکن. (گولیامۆف، ٢٠١١: ٥٤٩). ئەم قسەیەی گولیامۆف کە دەڵێت کاکەیی هۆزن لەگەڵ بۆچوونی هەندێک لە کاکییەکانی ئەمڕۆ یەک دەگرێتەوە، بەڵام گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە ئەمڕۆکە ئیدی کاکەیی لە قاوغی هۆز(ئەگەر لە لایەنی مێژووییەوە ڕاستیش بێت) دەرچووە و چەندین هۆز دەگرێتە خۆی، وەک: جاف، چۆڵمەک، لەک، زەنگەنە، قەرەسەنی و هی دیکەیشن، هەڵبەتە ئەمە تەنێ لە باشووری کوردستان. پەیڕەوانی ئەم ئایینە، هەموو ئەوانەی لە پانتاییەکدا دەژین کە ئەمڕۆ بە باشووری کوردستان ناسراوە بەم ناوەوە ناسراون، واتە کاکەیی. کەچی هەموو پەیڕەوانی ئەم ئایینە، ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، پییان دەگوترێت (ئەهلی حەق).

**ئەهلی حەق:** مەبەست لە وشەی حەق لێرەدا خودایە، یان ئێزدان، یان مەولا، کەواتە ئەهلی حەق، بە مانای خەڵکی خودا دێت، یان خوداپەرستان. وشەی حەق لە سرووده ئایینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام من بە خۆم (ئەهلی حەق) وەک دەستەواژەیەک بەرچاوم نەکەوتووە. ڕەوانشادی ئاسماننشین فەلەکەددین کاکەیی ئێژێت: کاکەیی پەیڕەوی ڕێبازی ناسراوی سۆفیگەرییە کە دەڵێت ئینسان بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت. لە پلەی حەقیقەتدا ڕۆشن دەبێتەوە و لە دەرگای پەروەردگار نزیکتر دەبێتەوە، واتە: خۆی دەناسێ و خوا دەناسێ. لێرەوەیە کە کاکەیی لەگەڵ زۆربەی فیرقە سۆفییەکانی لە جیهانی ئیسلامدا یەک دەگرێتەوە. چەندین فیرقە و گرووپی سۆفیگەریی جیهانی ئیسلام هەن کە هەر یەکە خۆیان بە ئەهلی حەق دەزانن، واتە: هەق لە لای ئەوانە، یان بە هەق گەیشتوون. هەق ناوێکی دیکەی خوایە. (فەلەکەددین، ٢٠١١: ٤).

**یارسان:** دوو لێکدانەوە هەن بۆ وشەی یارسان. لێکدانەوەی یەکەم: ئەم وشەیە لێکدراوە لە دوو وشەی (یار) و (سان)، وشەی یار بە مانای خۆشەویست، دڵبەر، دڵدادە، هاوڕێ، هاوبیر و هتد..، وشەی (سان) سووککراوی وشەی (سوڵتان)ە، مەبەست لە سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجییە کە پێشتر ئاماژەمان پێی دا، لە ناوچەی هەورامان وشەی سولتان سووک دەکرێتەوە یان کورت دەکرێتەوە بۆ (سان)، بەم شێوەیە (یارسان) واتە یارانی سوڵتان ئیسحاق، تەنانەت ئیسحاقیش دەکرێت بە سهاک، ئەم ناوە لە سرووده ئاینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە، لیکدانەوەی دووەم: وشەی (یارسان) سووککراوی وشەی (یارستان)ە، کە لێرەدا پاشگری (ستان) بە بۆچوونی من بە مانای شوێن یان وەڵات نایەت، وەک لە وشەی کوردستان و هیندوستان و پاکستان و ئەوانی دیکە، بەڵکو بە مانای پەیڕەوان یان باوەڕمەندان دێت، مەبەست لە وشەی (یار) خودایە، کەواتە یارستان بە مانای خەڵکی خودا، یان خوداپەرستان دێت، کە لەگەڵ ئەهلی حەقدا یەک دەگرێتەوە. بەڵام بیرمەندی مەزن فەلەکەددین کاکەیی، دەڵێت: (یارستان) وەک کوردستان، ئەفگانستان و ئینگلستانە، کە مانای مەڵبەند و نیشتمان دەدات. کەوابێ یارسان(یارستان) واتە: مەڵبەندی یاران. بۆ کورتکردنەوە لە جیاتیی یارسان دەنووسن (یاری). وشەی (یار) دەکەنە سەرچاوە. (فەلەکەددین، ٢٠١١: ٤-٥). هەڵبەتە ئەمە دوو بۆچوونی جیاوازە، بەڵام کە من دەڵێم بە مانای شوێن نایەت چونکە یارسانییەکان لە شوێنێکی جوگرافیای یەکگرتوو ناژین، بەڵکوو بەسەر وڵاتان، شاران، شارۆچکە و گونداندا پەرت و بڵاو بوونەتەوە. من پێم وایە لێکدانەوەی دووەم لە ڕاستییەوە نزیکتر بێت وەک لەوەی یەکەم، بەڵگەم ئەوەیە کە ئەم ناوی(یارسان)ە، بەر لە پەیدابوونی سوڵتان سەهاکیش هەبووە، بە تایبەتی لە سروودەکانی موبارەک شای لوڕستانی کە بە شاخۆشین ناسراوە و نزیکەی سێسەد سال بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە. شاخۆشینی لوڕستانی (٤٠٦- ٤٦٧ کۆچی) لە یەکێک لە سروودەکانی کە باس لە فەلسەفەی ئەم ئایینە دەکات دەفەرموێت (بۆرەکەیی، ١٣٧٠: ٨٢):

یارسان وە ڕا، ڕای حەق ڕاستییەن، بڕانان وە ڕا

پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگا

واتە: ئەی ئەوانەی یارپەرستن، خوداپەرستن، ڕێگای حەقپەرستی ڕێگای ڕاستییە بە باوەڕەوە بیگرنە بەر، کە بریتییە لە: پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا. هەنگاو بە هەنگاو دوای بکەون تا دەگەن بە مەنزڵگا. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆنترین ناوێک بۆ ئەم ئایینە و ڕاسترینیان (یارسان)ە. ئەمە بە چاوپۆشین لەوەی لە

لایەنی مێژووییەوە کاکەیی لە هیندوستان هەبووبن یان نا، لەبەر ئەوەی بۆمان ساخ نەبووەتەوە باوەڕی ئەو کاکەییانە چی بووە.

**شوێنی نیشتەجێبوونی پەیڕەوانی ئەم ئایینە**

لەبەر ئەوەی ئەم ئایینە لە لوڕستانەوە سەری هەڵداوە و لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، بۆیە لوڕستان و کوردستان بە کانگا و سەرچاوەی ئەم ئایینە دەژمێردرێن و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم دوو شوێنە مەڵبەندی سەرەکیی پەیڕەوانی ئەم ئایینەن. بەڵام بە گوێرەی هەندێک سەرچاوەی ئایینی، یارسان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە، هەر لە هیندوستان و پاکستان و ئەفگانستانەوە بیگرە تا دەگاتە ئێران وعێراق تورکیا و ئازەبایجان. ئەمڕۆکە پەیڕەوانی ئەم ئایینە جگە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، هەرچی لە ئێرانە لە شارە گەورەکانی شیراز و تاران و تەورێز و هەرچی لە عێراقیشە لە بەغدا و مووسڵ، هەروەها لە تورکیاش هەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئوستانی کرماشان و شار و شارۆچکەکانی و لە باشووریش کەرکووک و دەوروبەری بە مەڵبەندی سەرەکی پەیڕەوانی ئەم ئایینە دەژمێردرێن، بەڵام لە باکوور لە شارەکانی ئورفا و هەکاری و وان و دێرسم بە ناوی دیکەوە هەن. ڕەنگە سەرژمێرێکی تەواوی یارسانییەکان بە دەستەوە نەبێت، بەڵام دکتۆر گوڵمورادی موڕادی کە خۆی کوردێکی یارسانییە پێی وایە کە ژمارەی پەیڕەوانی ئەم ئایینە تەنێ لە ئێران ٢،٥ ملیۆن دەبێت و لە شوێنانی دیکەش نزیکەی ملیۆنێک هەن (موڕادی، ١٩٩٩: ٥١). بە هەر حاڵ دەتوانین بڵێین لە باشووری کوردستان ئەمڕۆکە خودی شاری کەرکووک بە پایتەختی کاکەییەکان دەژمێردرێت.

**فەلسەفەی یارسان**

فەلسەفەی ئەم ئایینە لەسەر چوار کۆڵەکە وەستاوە:

یاری چار چێوەن باوەرێ وە جا پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا (نوسخە خەتی شێخ ئەمیر)

پیرموسی مەرەمۆ:

یارستان وە ڕا ڕای حەق ڕاستییەن بڕانان وە ڕا

ڕاستی و پاکی و نیستی و ڕدا قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزڵگا (تاهیری، ٢٠٠٩: ٣٣٩)

هەمان ئەم کڵامە لای سەفیزادە بە ناوی شاخۆشین بڵاو بووتەوە.

**پاکی:** لێرەدا بە شێوەیەکی موتڵەق گوتراوە و مانایەکی گشتی دەدات و زاهیر و باتن دەگرێتەوە، بۆیە لە مانا تایبەتییەکەی دەرباز دەبێتە سەر پاکی و چاکیی هزر و گوفتار و ڕەفتار. ئەم بنەمایانە سێ کۆڵەکەی گرنکی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتین.

**ڕاستی:** بە مانای گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست، خووگرتن بە ئاکاری چاک و دوورکەوتنەوە لە خراپە.

**نیستی:** بە مانای نابوودکردنی هەوا و هەوەسی نەفسانی، دوورکەوتنەوە لە خۆپەرستی و خۆپەسەندی، زاڵبوون بەسەر ئارەزووی دونیایی و تەسلیمبوون بە ئێزدان یان توانەوە لە ئێزداندا کە قۆناخی فەنایە لە تەسەوفدا.

**ڕدا:** بە مانای گیانی هاوکاری و فیداکاری بەرامبەر بە مەخلووقاتی ئێزدان، با ڕەنجی تۆ لە پێناوی حەسانەوەی یاراندا بێت. (الهی، ١٣٦١: ٢٣-٢٤)

## کتێبی پیرۆز

کتێبی هەرە پیرۆزی یارسانییەکان (سەرەنجام)ە، کە بە هەڵە بە شەش بەش یان دەفتەر دایان ناوە: دەورەی هەفتەوانە، بارگە بارگە، گڵێم وە کۆڵ، دەورەی چلتەن، دەورەی عابەدین، وردە سەرەنجام. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەورەگەل کەلامی لە سەردەم پردیوەر زیاتر لە ئەمانەیە.

سەرەنجام لە سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچیدا نووسراوە، واتە لە دەورەی سوڵتان سهاکدا. جگە لە سەرەنجام چەندین کتێبی دیکە هەن کە پێش یان پاش ئەو سەردەمە نووسراوە هەر لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە بیگرە تا دەگاتە سەدەی سیازدەهەمی کۆچی. واتە لە دەورەی بالوولی ماهییەوە تا دگاتە کڵامی دەروێش قولی کە ژمارەی ئەو کتێبانە ۲۴ دەفتەرە. (صفی زادە، ١٩٨٢: ١٧-١٨) بە شێوەیەکی گشتی بەو سروودانە دەگوترێت کڵام و بەو کەسەی کە لەبەری کردووە و دەیڵێت دەگوترێت کڵامخوان. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبە پیرۆزانە بە زاراوەی گۆران نووسراون. تەیب تاهیری، لە کتێبی (سرانجام) تەواوی دەقەکان دەکاتە سێ بەشەوە:

- کڵامەکانی پێش دەرکەوتنی سوڵتان سەهاک، کە بریتین لە: دەورەکانی بەهلوول، شاخۆشین، بابا سەرهەنگ، بابا جەلیل، بابا ناوس، ساجناری، پیر و پیرالی و سەیدەی شەیانی.

- کڵامەکانی دەورەی (پردیوەری) کە لە کاتی گەیشتنی شێخ عیسا و شێخ مووساوە بۆ بەرزنجە دەست پێ دەکات، کە دەورەی بەرزنجە و دەورەی پردیوەر دەگرێتە خۆی. بەم دوو دەورەیە دەگوترێت دەورەی سوڵتان سەهاک و تەواوی کڵامەکانی ئەم دەورەیە بە (سەرەنجام) ناسراوە.
- کڵامەکانی پاش سەردەمی پردیوەری، ئەمانە لێکدانەوەی کڵامەکانی سەرەنجامن. (تاهیری، ٢٠٠٧: ١٠-١٢)

**شایەتمان**

یارسانییەکان شایەتمان ناهێننەوە، چونکە ئەوان لە دایکوباوکێکی یارسانی لە دایک بوون و سەریان بەو ئایینە سپێردراوە، لە جیاتیی ئەوە دەڵێن: ئەوڵ یار، ئاخر یار، وە دین یار

واتە سەرەتا خودایە، کۆتایی خودایە، باوەڕمان بە ئایینی خودایە.

**مەراسیمی دینی**

یارسانییەکان هەفتەی جارێک کۆبوونەوەی ئایینیان هەیە، شەوانی پێنجشەممە لەسەر ئینی لە شوێنیک بە ناوی جەمخانە کۆ دەبنەوە، خودی کۆبوونەوەکە پێی دەگوترێت جەم، دانیشتووانی جەم پێیان دەگوترێت جەمنشین. لەو کۆبوونەوانەدا سروودی ئایینی دەخوێنرێت و تەمیرە دەژەنرێت، هەروەها نیاز دەکرێت کە بریتییە لە دابەشکردنی میوە و نوقڵ و مێوژ و خورما شتی لەو بابەتە. هەروەها مانگی جارێک کۆبوونەوەیەکی گەورەتر دەکرێت، لەوێدا خواردنیش دەخورێت. ئەم جۆرە کۆبوونەوانە جگە لەوەی مەراسیمێکی ئایینییە هەروا کۆمەڵایەتیشە، لەوێ خەڵکەکە بە دڵێکی پاکەوە کۆ دەبنە و ناخی خۆیان لە خڵتەی ژیانی ڕۆژانە و کەماسییەکان وەک خێزانێکی گەورە، پاک دەکەنەوە.

**ڕۆژوو**

یارسانییەکان ساڵی دوو سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و پاش هەر عەید و جەژنێک یەک ڕۆژ جەژن دەگرن. ڕۆژووی یارسانییەکان دەکەوێتە چلەی زستانەوە. لە لایەن خواردن و خواردنەوە و مەرجەکانی ڕۆژوو هەر وەک ڕۆژووی موسڵمانەکان وایە. پێویستە دەم و چاو و گوێ و لەش و هزری مرۆڤ بە ڕۆژوو بێت. شایانی باسە ئەهلی حەقەکانی ڕۆژهەڵات و کاکەییەکانی باشوور لە دوو کاتی جیاوازدا بە ڕۆژوو دەبن، هەندێک هەن هەر دوو جارەکە ڕۆژوو دەگرن.

## خوشک و برای یاری

هەر کاکەییەک ئەگەر بیەوێت خوشک و برایەکی یاری بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، زیاتر ئەو کەسەی کە لێوەی نزیکە یانیش خەویان بە یەکەوە دیوە. ئەم خۆشک و برا یارییە لە خوشک و برای دایک وباوکی نزیکترن بۆ یەک و لە کاتی پێویستدا یارمەتیی یەکتر دەدەن، دەکرێت بگوترێت کە مرۆڤ لە ژیاندا دەکەوێتە سەختی و نەدارییەوە و پێویستی بە یارمەتی دەبێت، خوشکی برای یاری وەک بیمە یان زەمانەتێکن بۆ یەکتر. منداڵانی خوشک و برای یاری نابێت شوو بە یەکتر بکەن. خوشک و برای یاری دەکرێت لە توێژێکی دیکەش بێت.

خوشک و برای یاری بۆ بەهێزبوون و بتەوکردنی ڕیزەکانی یارسان و پاراستنیەتی، هەروا ئەگەر یارسانییەک خوشک و برای دایک و باوکی خۆی نەبوو بێت، ئەمانە جێگەی ئەوانی بۆ دەگرنەوە و ئیتر هەست بە نەبوونی خوشک و برا یان بێکەسی ناکات. (هەردەوێڵ، ٢٠١٢: ٣٥٩)

## ڕیش و سمێڵ

کاکەیی سمێڵ دەهێڵنەوە، بەڵام ڕیش ناهێڵنەوە، جگە لە هەندێک سەید و دەروێش و سۆفی کە ڕیش و سمێڵ دەهێڵنەوە، من پێم وایە ئەمە لە سەرەتاوە هەر بۆ ئەوە بووبێت خۆیان لە خەڵکی تر جیا بکەنەوە، دیسانەوەش وەک نیشانەیەک بۆ یەکتر ناسینەوە لەبەر ئەوەی ئایینەکە نهێنییە. لە لایەکی دیکەشەوە موسڵمانەکان بەرسمێڵیان کردووە و ڕیشیان هێشتووەتەوە، دیارە ئەمان واتە یارسانییەکان بە مەبەستی خۆجیاکردنەوە بە پێچەوانەی ئەوانیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنێ سمێڵ هێشتنەوە نابێتە نیشانەی ئەوەی کە ئەو کەسە سەر بە ئایینی یارسانە. پیر بنیامین مەرەمۆ:

سیوێڵ مۆرشان پەی دین نیشانا          نیشانەی تەوفیر یار چە غەیرانا
تـا کە بنـاسـان کـاکـا و بـرانـا          تا یـار چـە خاران بودێ جیانا (هەردەوێڵ، ٢٠١٢: ٤٩٩)

واتە: سـمێڵی مۆر (دەستلێنەدراو) نیشانەی ئایین و خۆجیاکردنەوەیە لە غەیرە، هەروا بۆ ئەوەی باوەڕمەندانی ئەم ئایینە یەکتر بناسنەوە.

**جگەرەکێشان، گۆشتی بەراز، خواردنەوە**

لە ناو یارسانییەکاندا جگەرەکێشان و مەشروب خواردنەوە جایز نییە، هەروەها، یارسانی گۆشتی بەراز ناخۆن، بە پێچەوانەی ئەوە کە بۆیان هەڵبستوون بۆ لەکەدارکردنیانە. ئەگەر لە سروودە ئایینیەکاندا باسی شەراب کرابێت دیارە بۆ مەبەستێکی دیکەیە، هەروەکوو بابا ناووس دەفەرموێ:

پیاڵەی ڕەحمەتم واردەن، نەواردەن شەراو کاوەی مێرد "جەم"ەن مەلای وە مەحراو (الهی، ١٣٦١: ٤٦٢)

هەر بۆیەش ئەگەر ئەنجامی خواردنەوەی ئەو پیاڵەیە مەستیی بێت، ئەوە بێگومان مەستیی عیشقێکی ئێزدانییە. شاخۆشین مەرەمۆ:

مستم ز خرابات ولی از می نه نقلم همه نقلست حریفم شیئ نه (الهی، ١٣٦١: ٤٦٢)

" مەستی بادەی یەکبوونم نە مەستی مەی. مەزەی ئەم مەستییەی من ئەو قسانەن کە دەیانکەم و حەریفەکەم هیچی پێ نییە".

دەربارەی جگەرەکێشان، لە ئایینی یارساندا (دووکەڵ) بە هەموو جۆرەکانییەوە ژاراوی و زیانبەخشن، بۆیە دووکەڵ هەوێنی (بەد)ەکانە و ڕووناکی هەوێنی (نێک)ەکانە، واتە چاکان.

سوڵتان سەهاک دەفەرموێت:

نێکانم چا نویر کوورە ڕەژیانێ بدانم چا دوود ساجم زیانێ (هەردەوێڵ، ٢٠١٢: ٧٩٦)

واتە: چاکانم لە ڕووناکی ئاگری کوورە و بەدانم لە دووکەڵەکەی ئافراندووە.

هەر لەم بارەیەوە، خان ئاتەش بە زمانی تورکی باسی هەر سێ لە قەدەغانە دەکات و دەڵێت:

بیغ دوتان قلیان چکان خنزیر صف دوزبر اولدی (خواجەالدین، ١٣٦٢: ١٣٢)

واتە: ئەوەی سمێڵ ببڕێت، ئەوەی جگەرە بکێشێت، لە ڕیزی بەرازدا خۆی دەبینێتەوە.

**دەربارەی ژیان و مەرگ**

لەبەر ئەوەی یارسانییەکان باوەڕیان بە دۆنایدۆن هەیە، واتە گەڕی ڕۆح لە لەشدا، مردن بە ئاسانی وەردەگرن، چونکە بە مردنی ئەو کەسە ڕۆح لەناو ناچێت، بەڵکوو ڕۆح دەچێتە قاڵبێکی دیکەوە و جارێکی تر دێتەوە سەر دونیا، تەنیا هیوایەکی ئەو کەسەی دەمرێت ئەوەیە جارێکی دیکە بێتەوە بەر قاپیی یارسان، واتە لە خێزانێکی یارسانی لە دایک ببێتەوە. یەکێک لە یارانی ئەم ئایینە دەربارەی مردن ئێژێت:

مێردان نەتەرسان چەی سیاسەتە تەسلیمی گیانان چوون قویتەی بەتە (تاهیری، ٢٠٠٩: ١٤١)

واتە: با یاران، باوەڕمەندان، لەم سیاسەتی مردنە نەترسن، مردنی یاری وەک خۆنوقمکردنی مراوی وایە کە لە شوێنێکی دیکەوە سەر دەردەکاتەوە.

کە منداڵێک لە دایک دەبێت ئەو خێزانە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ دەکات، کە دەشمرێت نابێت خەفەتی بۆ بخورێت، چونکە ئەوەی دەمرێت تەنێ قاڵب یان لەشی ئەو کەسەیە ڕۆح نامرێت و جارێکی تر دەژییتەوە، هەر بۆیە لە کاتی ناشتنی مردووەکە لەگەڵ ژەنینی تەمیرە سروودی ئایینی دەخوێنرێت و چەپ ودەست دەکرێت. هەندێک لە باوەڕمەندانی ئەم ئایینە دوای ناشتنی مردووەکە ئیدی سەر لە گۆڕەکەی نادەن، بەو پێیەی ئێستا ئەو لە شوێنێکی دیکەیە و دەژیت.

## ئەو دونیا

بەهەشت و دۆزەخ لەسەر ئەم دونیایەیە، باوەڕمەندانی یارسان چاوەڕێی پاداشت و سزا لە دونیایەکی دیکەدا ناکەن، هەر پاداشت و سزایەک هەبێت لەسەر ئەم گۆی زەمینەیە، بەڵام مەرج نییە لەم دۆنەدا بێت، ڕەنگە بکەوێتە دۆنی داهاتووەوە. ئەوەی سزا دەدرێت یان پاداشت وەردەگرێت ڕۆحی ئەو کەسەیە نەک لەشی، کە ئەندامێکی لەش ئازاری پێ دەگات ڕۆحی ئەو کەسەیە هەست بە ئازارەکە دەکات. ڕۆژی زیندووبوونەوە بەو مانایەیە کە مەولا پەیدا دەبێتەوە، زوڵم و ستەم و ناهەقی لەناو دەبات، دادپەروەری بەرقەرار دەکات، مەولا لە شارەزوور پەیدا دەبێت.

## چاکە و خراپە

یارسانییەکان سوێند ناخۆن. هەر سوێند خواردنێک ئەوە دەگەیەنێت کە سوێندخۆر جێگای گومان بێت، بەڵام بەپێی ئەم ئایینە باوەڕمەندانی نابێت کارێکی وا بکەن کە گومانیان لێ بکرێت، چونکە ئەمان پێویستە خۆیان لە کاری خراپە دوور بگرن، بۆ ئەم مەبەستە دڵ و دەروونی خۆیان بکەنە حاکم بەسەر خۆیانەوە، دڵ و دەروون زیاتر بە مانای ویژدان دێت، هەر کاتێ تۆ ویژدانی خۆت کرد بە حاکم بەسەر خۆتەوە ئیدی کاری خراپە ناکەیت. پیر حەسەنی خوراسانی دەفەرموێت:

دەس و دلێ وێت بکەرە شەرە هەر کارێ بەدەن ئانە مەکەرە (تاهیری، ٢٠٠٩: ١٢٣)

هەروەها شێخ ئەمیر دەفەرموێت:

هەر کەس دەس و دڵ چەنەش یار نییەن نە دوکانی یار خەوەردار نییەن (تاهیری، ٢٠٠٩: ١٢٣)

**ئافرەت لە کۆمەڵگەی یارساندا**

بەپێی فەلسفەی ئەم ئایینە کە بڕوای بە دۆنایدۆن هەیە، پیاو و ژن یەکسانن، لێرەدا ڕوح دەگیریتە بەر چاو نەک ڕەگەز. پیاو بۆی نییە لە هەمان کاتدا لە یەک ژن زیاتری هەبێت. ژن و پیاو لە میراتدا یەکسانن. ژن هەر وەک پیاو لە بۆنە ئایینییەکاندا مۆسیقا دەژەنێت. لە ئەلقەی (هەفت تەن)دا هەمیشە ژنێکی تێدایە. ژنان شیعری ئایینی دەهۆننەوە.

لەو ژنانەی لە ئایینی یارساندا ناوبانگیان هەیە: دایە تەورێزی هەورامی، جەلالە خانمی لوڕستانی(دایکی شاخۆشین)، فاتمە لوڕە، لزا خانمی جاف، خاتوو مەیزەرد، دایە خەزانی سەرکەتی، خاتوو دایراکی ڕەزبار (دایکی سوڵتان سەهاک)، یای حەبیبەی شارەزووری، پیر نازدار خاتوونی شیرازی و چەندین ژنی دیکە. جەلالە خانم دەفەرموێت:

| | |
|---|---|
| نە بەرەی شایی | ئارۆ نیشتە بیم نە بەرەی شایی |
| مێردان و ژەنان مەشین وە شایی | پەرێ شاخۆشین مەدان گەوایی(صفی زادە، ١٣٧٠: ٩٤) |

هەروەها لزا خانمی جاف دەفەرموێت:

| | |
|---|---|
| وەفران بی وە ئاو | وەهار چوون ئاما وەفران بی وە ئاو |
| گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جە خاو | پەرێ ئارایش دەشت و کۆف و کاو |

(صفی زادە، ١٣٧٠: ١٠٥)

**مۆسیقا**

موزیک یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئەم ئایینە و هیچ مەراسیمێکی ئایینی بەبێ موزیک بەڕێوە ناچێت. ئاڵەتی تەمیرە لای یارسانییەکانی پیرۆزە و بڕوایان وایە لە پێش خوڵقاندنی مرۆڤەوە تەمیرە هەبووەو هەر بە هۆی تەمیرەوە ڕۆح چووەتە ناو تەنی یەکەم دروستکراوەوە.

لەناو یارساندا یەکەمین گرووپی موزیک کە ناوی برابێت گرووپی (نۆسەد نۆسەد)ی (شاخۆشین)ە، هەموویان ژەنیار بوون و خودی شاخۆشین تەمیرەی لێ داوە و ئەوانی تریش ئامێرەکانی تر. لە دەورەی پردیوەریشدا سوڵتان سهاک گرووپی (حەوت سازچی. حەوت ژەنیار و گوتارخوێنی) هەبووە.

لە دەفتەرەکانی یارساندا ناوی زیاتر لە شەست ساز براوە، کە هەموویان سازەکانی کوردستان بوون، گرنگیی موزیک بەگشتی و تەمبوور/تەمیرە بەتایبەتی لای یارسان لە پایەیەکی مەزندایە. لە کڵامی یاریدا هاتووە:

یار دیدەگانی بنیامین سازە　　　　پیرموسی سیم و داود ئاوازە (هەورامی، ٢٠١٣: ٧٤-٧٥)

**دیدی یارسان دەربارەی ئایینەکانی دیکە**

یارسانییەکان بە چاوی ڕێزەوە تەماشای هەموو ئایینەکانی دیکە دەکەن و پێیان وایە گشت ئایینە یەکتاپەرستییەکان هەمان ئەرزشیان هەیە و هەمووان لەبەر دەرگای ئێزدان یەک دەگرنەوە، تەنیا جیاوازییەک ئەوەیە کە ڕێگای جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر و سەرچاوەی گشت ئایینەکان هەر یەکە، لە دەفتەری یاریدا هاتووە:

هەفتاو دووە دین گشت یەک مەقامەن　　　　سەرچەشمەی گشتش دین بنیامەن

مەبەست لە بنیام (پیر بنیامین)ە، کەواتە سەرچاوەی هەموو ئایینەکان ئایینی یارسانە، ئایینی یارسان بە مانای ئایینی خوداپەرستان، کەس نییە باوەڕمەند بێت و بێژێت من خوداپەرست نیم، کەواتە هەموومان یارسانین، هەموومان ئەهلی حەقین. دەربارەی ڕێزلێنان لە ئایینەکانی تر، شێخ ئەمیر دەفەرموێت:

ئەگەر ئایین وێت وە خاس مەزانی　　　　وە ئایین کەس بەد نمەوانی(تاهیری، ٢٠٠٩: ١٢٣)

واتە: ئەگەر ئایینەکەی خۆت بە باش دەزانیت، نابێت قسەی خراپ بە ئایینی کەس بڵێیت. ئەمە ڕێک باسی ئازادیی باوەڕ دەکات.

**سەرهەڵدانی**

لێرەدا کە باس لەم ئایینە دەکەین لە دەورەی سوڵتان سهاکەوە باسی لێ دەکەین و لەوێوە بە کورتی چەند قۆناخێک دەچینە دواوە تا سەرهەڵدانی ئایینەکە لە دوای پەیدابوونی ئیسلام، ئیتر لەمە بەدەر ئەگەر ئەم ئایینە بەر لە ئیسلام هەبووبێت یان نا، لەم گوتارەدا جێگای نابێتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ دەربارەی سوڵتان ئیسحاق، یان سوڵتان سهاک، ئەم زاتە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە، هەر وەک سوڵتان بە خۆی دەفەرموێت:

عیسێ باوەما　　　　(داود) باب عیسێ، (عیسێ باوە)ما

(شێخ) و (بەرزنجە)، حاجی (کاوە)ما

واتە: لێرەدا سوڵتان سهاک بە پیر داود دەڵێت کە عیسا باوکیەتی، ئەو شێخی بەرزنجە بووە و حەجی کابەی کردووە. ئەم سەرچاوەیە دوای لێکۆڵینەوەیەکی فراوان ساڵی لەدایکبوونی سوڵتان سهاک دەگەڕێنێتەوە بۆ ٧١٦ی کۆچی و ساڵی ٧٩٦ بۆ کۆچکردنی ئەم زاتە دەستنیشان دەکات.

شێخ عیسا و شێخ موسا هەردووکیان کوڕی (بابە عەلی هەمەدانی)ن، بە پێی پەڕاوی (بحر الأنساب) باوباپیری شێخ عیسا لە هەمەدانەوە باریان کردووەتە بەرزنجە. ئەم دوو برایە لە ساڵی ٦٨٦ی کۆچیدا لە بەرزنجە مزگەوتێکیان دروست کردووە. (هاشم کاکەیی، ١٩٨٨: ١١٢-١١٣)

سوڵتان سهاک بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە بیروبڕوای تایبەتیی و بەهرەمەند بوون لە ئایینەکانی زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوەی، ڕێ و ڕچەی یاریی بەدی هێناوە و یارانی خۆیی کردووەتە چەند تاقمێکەوە و بۆ هەر کامێکیان ئەرکێکی تایبەتیی داناوە. ناوی ئەو تاقمانەش بەم چەشنەیە: هەفت تەن، هەفتەوان، چلتەن، یارانی قەوەڵتاس، هەفتاودوو پیرە، هەفت خەلیفە، هەفت خادم، هەفت هەفتەوان، چل چلتەنان، نەوەدونۆ پیری شاهۆ، شەست و شەش خوڵامی کەمەرزێڕین، هەزارو یەک بەندەی خەواجە سیفەت، بەیوەر هەزار بەندە، بێوەن بەندە. لێرەدا ناوی دوو ئەڵقی سەرەکی دەهێنین، کە ئەمانەن:

هەفت تەن: کە بریتین لە:

١. بنیامین، یان پیر بنیامین، پیری هەموو یارسانە
٢. داود کەوسوار، دەلیلی یارسانە
٣. مەلا روکنەددینی دیمەشقی، ناسراو بە پیر موسی، دەفتەرداری سوڵتان سهاکە
٤. موستەفا داودانی، بەرپرسی کاروباری بەجێگەیاندن
٥. خاتوون دایراک، ناسراو بە دایە ڕەزبار، کە دایکی سوڵتان سهاکە
٦. شا ئیبراهیم کوڕی محەمەدی گەورەسوار، جێگری سوڵتان بۆ کاروباری یاسایی و شەرعی
٧. باوە یادگار، جێگری سوڵتان بۆ کاروباری عیرفانی

هەفتەوانە: کە بریتین لە

١. سەید محەمەدی گەورەسوار
٢. سەید ئەبو ئەلوەفا
٣. حاجی بابوعیسی، یان سەید باوەیسی
٤. سەید میر ئەحمەدی سوور، میری سوور
٥. سەید مستەفای شارەزووری
٦. شێخ شهابەددین، یان شێخ شابەددین
٧. شێخ حەبیب شا

وەک پێشتر گوتمان سوڵتان سهاک، یان سان وەک لە هەورامان پێی دەگوترێت دامەزرێنەری ئەم ئایینە نییە بەڵکوو نوێکەرەوە و یاسادانەریەتی، چونکە ئەم باوەڕە کە پاشتر بووە بە ئایین بە چەند قۆناخێکی دیکەدا دەرباز بووە، وەک:

## دەورەی باللوولی ماهی

یەکەم گرۆیەک کە دەستی کردبێت بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێکی سۆفیگەرانە کە لەوەو پاش ناوی لێنرا (یارسان، یارستان) یان کاکەیی گرۆی (باللوولی ماهی)یە کە ناوە ڕاستییەکەی (عومەری کوڕی لەهەب)ە، ئەمەش لە سەدەی دووەمی کۆچیدا ڕووی داوە. بە پێی کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) باللوول یەکێکە لە ناودارانی ئەم ئایینە. باللوول و هاوبیرانی لە هەورامانەوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی باوەڕەکەیان. پاشتریش خۆی و یاوەرەکانی کە هەر هەموویان لوڕستانی بوون سەردانی ئیمام جەعفەری سادقیان کردووە لە بەغدا و پاشتر گەڕانەتەوە بۆ کرماشان و لەوێوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی یاری و خەڵکێکی زۆر دوایان کەوتن. (صفی زادە، ١٣٧٠: ٤٧-٤٨)

لە کتێبی (دائرة المعارف)ی بوترس بوستانیدا، بەرگی پێنجەم، هاتووە کە باللوول لە شێتەکانی کوفە بووە و کوردێکی ئێرانی بووە، هەروەها یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئیمام جەعفەر ئەلسادق. هەروەها لە کتێبی (المنجد في الأدب و العلوم)دا هاتووە کە باللوول لە دەورانی هارون ئەلڕەشید ژیاوە و بە یەکێک لە عاقڵە شێتەکان دەدرێتە قەڵەم و لەساڵی ٢١٩ی کۆچی وەفاتی کردووە. دەروێش نەورۆزی سۆرانی لە بارەی باللوولەوە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| باللوول زاتێوەن زات یەکدانە | عامیان ماچان باللوول دێوانە |
| کێ دی دێوانە وەی تەور دانا بۆ | مەرکەو نە مەیدان گەردوون ڕانا بۆ |

(صفی زادە، ١٣٧٠: ٤٩)

واتەڵ باللوول زاتێکی یەکدانەیە و خەڵک پێیان وایە شێتە، کێ دیویەتی شێتێک بەم شێوەیە دانا بێت و کەشتیی خۆی لەم گەردوونەدا بەم شێوەیە لێ بخوڕێت. باللوول خۆی و هاوبیرانی لە لوڕستانەوە دەرکەوتوون و بەناو خێڵ و تیرە کوردەکاندا گەڕاون بۆ ئەوەی باوەڕەکەی خۆیان بڵاو بکەنەوە، باللوول دەفەرموێت:

| | |
|---|---|
| ئەو واتەی یاران | ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران |
| هەنی مەگێڵین یەک یەک شاران | تا زیندە کەریم ئایین ئێران |

واتە: بە قسەی یاران بێت ئێمە دێوانەین، ئێمە وا بە شاراندا دەگەڕێین بۆ زیندووکردنەوەی ئایینی ئێران(کوردان). یارانی بالوول ئەمانە بوون:

بابە لوڕەی لوڕستانی، بابە ڕەجەبی لوڕستانی، بابە حاتەمی لوڕستانی، بابە نجومی لوڕستانی. (صفی زادە، ١٣٧٦: ٣٨-٤١) بالوول یەکەم کەسێک بووە (جەم)ی دامەزراندووە، هاوبیرانی ئەو هەفتەی جارێک کۆ بوونەوەتەوە بۆ گوێگرتن لە سرووده ئایینییەکان کە لەسەر ئاوازی تەمیرە گوتراون، ئەو شوێنی گردبوونەوەیە پاشتر بە جەمخانە ناسراوە. جەمخانە شوینی خواپەرستی و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانی ئایینی یارسانە.

من پێم وایە سەرهەڵدانی یەکەمی ئەم ئایینە لەسەر دەستی بالوولی ماهی و یارانی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا بووە کە هێشتا ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بە تەواوی جێگیر نەبووبوو، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە تووشی خەڵکێکی بێگانە بوون کە ئایینێکی بیگانەیان بۆ هێنا بوون بە زمانێکی بێگانە، کە هەڵگری فەرهەنگێکی بێگانەیە. هەموو ئەمانە وای لەو خەڵکە کردووە بەرامبەر بەم بارە نوێیە ڕاپەڕن، بەڵام ڕاپەڕینێکی تا ڕادەیەک لەسەرخۆ و شاراوە ئەویش لە ترسی کوشتن و برین و زوڵم و ستەمی هەڵگرانی ئەو ئایینە نوێیە، هەر بۆیە بە هۆی دۆنایدۆنەوە ناودارانی ئایینی ئیسلامیشیان خستووەتە ناو ئایینەکەوە. لەوە بەدەر کە ئایا ئەم ئایینە ئایینێکی ئەزەلییە یان نا، ئەمەیان ناخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. هەر ئەمەی کە ئایینەکە خۆماڵی بووە و بە زمانی خەڵکەکە و هەڵگری فەرهەنگی ئەو خەڵکە بووە، خزمەتێکی زۆری بە زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی کورد کردووە. هەرچەندە زمانی ئایینەکە کوردی بووە، بەڵام ڕێگا لەوە نەگیراوە کە باوەڕمەندانی نەتەوەکانی دیکە بە زمانی خۆیان سروود داڕێژن، بەڵام لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا تەنێ زمانی کوردیی زاراوەی گۆران بەکار هاتووە و تا ئێستاش هەر ئەوە بەکار دەبرێت.

### دەورەی شاخۆشین

پاشان زاتێکی دیکە بە ناوی موبارەک شای لوڕستانی کە بە شاخۆشین ناسراوە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە دایکێکی باکیرە بە ناوی جەلالە خانم کە کچی میرزا ئامانەی فەرمانڕەوای لوڕستان بووە، پەیدا بووە. ئەم زاتە هاوچەرخی بابە تاهیری هەمەدانی بووە، چاکتر بڵێین بابە تاهیر و فاتمە لوڕە لە یارانی شاخۆشین بوون. شاخۆشین و یارانی دیکەی وەک:

بابا بوزورگ، کاکە ڕەدا، خوداداد، هندۆلە، میرزا ئامانە، ڕێحان خانمی لوڕستانی، لزا خان جاف و هتد.. بە دەنگی خۆش و بە ئاوازی تەمیرە سروودەکانی خۆیان بۆ یارانیان چڕیوە. باوە خۆشین لە تەمەنی

شەست ساڵێدا لە ڕووباری گاماسب(هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) غەیب دەبێت و بەڵێن دەداتە یارانی کە دوای سێسەد ساڵ پەیدا ببێتەوە. ئیدی (شاخۆشین) سڕ(نهێنی) دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارەگای خۆی دەباتە هەورامان. بەو ماوەی غەیب بوونەی دەگوترێت: سێسەد ساڵ سر. لە کلامی یاریدا هاتووە:

پیر حەمزە بەرەشاهی مەرەمۆ:

| | |
|---|---|
| ئەو کۆی هەورامان | بارگەی "شا"م وەستەن، ئەو کۆی هەورامان |
| زاتە و خالقی، خوانی غولامان | سیسەد ساڵ سڕ بی، کەس پێش نەزانان |

(تاهری، ٢٠٠٧: ٣٧٦)

## کورد و کوردستان لە سرووده ئایینیەکاندا

هەر وەک پێشتر باسمان کرد، ئەم ئایینە لە لوڕستانەوە سەری هەڵداوە و لە زۆر شوێنی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە و ناوچەی شارەزوور بووە بە پایتەختی ئەم ئایینە، بە حوکمی ئەوەی ئەم ئایینە لە دەورەی سوڵتان سهاکدا برەوێکی گەورەی هەبووە. هەر لەبەر کوردیبوونی ئەم ئایینە لە زۆر شوێنی سرووده‌کاندا وشەی کورد و کوردستان بەدی دەکرێت. لێرەدا هەندێک نموونە لەو سروودانە دەهێنینەوە کە ناودارانی ئەم ئایینە هۆنیویانەتەوە.

بابا سەرهەنگی داودانی لەدایکبووی ساڵی ٣٢۴ی کۆچی کە لە دەوروبەری چیای شاهۆ هاتووەتە دونیاوە و لە شارۆچکەی تەوێڵە لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچیدا وەفاتی کردووە، دەفەرموێت:

| | |
|---|---|
| سەرهەنگ داودان | ئەز کەناممەن سەرهەنگ داودان |
| چەنی ئێرمانان مەگێلم هەردان | مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان(صفی زادە، ١٣٧٠: ٦٢-٦٣) |

واتە: من کە ناوم سەرهەنگی داودانە، لەگەڵ یارانی خۆم بە کێو و هەرداندا دەگەڕێین و تێدەکۆشین لە پێناو ئایینی کورداندا.

هەروەها پیر میکائیلی داودانی کە لە ساڵی ۶۵۸ی کۆچی لە گوندی داودان لەدایک بووە و لە ساڵی ٧٣۶ لە سنە وەفاتی کردووە و کوڕی شێخ موسای بەرزنجییە، واتە ئامۆزای سوڵتان سهاکە و یەکێکە لە یارانی، دەفەرموێت:

| | |
|---|---|
| نۆزەر شای کەیان | شام بی نە ئەو دەم نۆزەر شای کەیان |

سام بنیامین بی چەو گا نەو زەمان وێنەی کورد گورد مەشی نە مەیدان

(صفی زادە، ١٣٧٠: ٢١٣-٢١٤)

واتە: لەو سەردەمەدا مەولا نۆزەڕی شای کەیانییەکان بوو، بنیامین لە دۆنی سام بوو، بە وێنەی کوردی گورد (ئازا) دەچووە مەیدانی جەنگ.

شاوەیس قولی کە لە گوندی دەرزیان نزیک بە شاهۆ ساڵی ٨١٠ی کۆچی هاتووەتە دونیاوە ئێژێت:

ئەسڵمەن جە کورد بابۆم کوردەنان ئەسڵمەن چە کورد

من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد سڵسلەی سوپای زوحاک کەردم هورد

(صفی زادە، ١٣٧٠: ٣٨٣)

لێکدانەوە: ئەسڵم کوردە، باوکم کوردە و ئەسڵم کوردە، من ئەو شێرەم کە لەگەڵ دەستەی گوردان (ئازایان)دا، سوپای زوحاکمان تێکشکاند. دیسانەوەش لە مەدحی باوە یادگاردا سروود هەیە کە ناوی کوردستانی تێدا دەبرێت، وەک:

بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا غوڵامان دیشان شا پەنەش بەخشا

بەرگ خۆدڕەنگی کەرد وە خەڵاتش کورد و کوردستان دا وە بەراتش

(هاشم کاکەیی، ١٩٨٨: ٩٥)

باوە یادگار بەرگی خودڕەنگیی پۆشی، یاران بینییان کە شا سهاک پێی بەخشی، کە ئەو بەرگەی کردە خەڵاتی، کورد و کوردستانی دا بە بەراتی، بۆی کردە دیاری.

**ئاڤێستا و زەرەدشت لە سرووده ئاینییەکاندا**

پەیوەندی و ڕایەڵی هاوبەش لە نێوان یارسان و تەواوی ئایینەکانی دیکەدا هەیە، هەر لە بودابییەوە بیگرە تا دەگاتە ئیسلام، لەبەر ئەوەی بەپێی دەقی کتێبە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە، یارسان یەکێکە لە ئایینە ئەزەلییەکان، واتە لە سەرەتای خەڵقەتەوە هەبووە، بەم پێیە مەسەلەیەکی سروشتییە کە ڕایەڵی هاوبەشی لەگەڵ زەردەشتیشدا هەبێت. خودێ لەو ڕۆژەوە کە ئادەمیزادی لە چوار ڕەگەزی: خۆڵ، ئاو، با و ئاگر دروست کرد، ئایینی یارسانیشی قەرار دا. پیر موسی کە دۆنی فریشتە (میکائیل)ە، دەفەرموێت:

کەشان کەشانا ئی بینا و بونیاد کەشان کەشانا

یار داود خولام بەڕەی دیوانا ئاب و خاک و باد و ئاتەش جیسما

(دەورە خەزانە تاهری،٢٠٠٧:٣٨١)

واتە: مەولا، واتە خودێ وێنەی ئەم گەردوونەی کێشا و لەشی مرۆڤی لە ئاو و خۆڵ و با و ئاگر دروست کرد و لە زەردەگڵێش گیانی خستە بەر.

مەولا پێشتر حەوت فریشتەی خوڵقاندبوو: جبرائیل، ئیسرافیل، میکائیل، عزرائیل، حورەلعەین، یەقیق و حەوتەمیش عەقیق، ئەم حەوت فریشتەیە دۆنی (هەفت تەن)ن و ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئێزدان بەستیان لەو دەمەدا پێیێ دەگوترێت، پەیمانی ئەزەلیی خاوەندکاری.

باوە یادگار یەکێکە لە هەفت تەن و دۆنی فریشتەی شەشەمە واتە (یەقیق)، هەروەها دۆنی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمام عەلییە و دیسانەوەش دۆنی هۆزانڤانی کورد بابە تاهیری هەمەدانییە، کە لێرەدا بوار نییە ئەو سروودانە بهێنینەوە کە ئەو دۆنایدۆنانە دەسەلمێنێت. باوە یادگار لە سەدەی هەشتەمدا لە گوندی شێخان لە هەرێمی هەورامان لەدایک بووە، کە باسی دۆنایدۆنی خۆی دەکات، دەفەرمویێت:

زوڵاڵ کۆی زەمان یادگارەنان زوڵاڵ کۆی زەمان
چاگا غوڵامان جەم بین جە لامان نامش گوشتاسپ بی شام وە بێ گومان
ئەز ئەو ناوس بیم ڕۆشن کەردم مان کاکەم زەردەشت بی پوورەی ئەسپیتمان

(صفی زادە، ١٣٧٠: ١٨٣-١٨٦)

واتە: لە دەورەی کەیانییەکان گوشتاسپی شای کەیانییەکان مەولا بوو، زەردەشتی پەیامبەر لە نەوەی ئەسپیتمان برای من بوو، خەڵکی بانگ دەکرد بۆ یەکتاپەرستی، بە هۆی تیشکی ئاگرەوە هەموو شوێنێکی ڕووناک کردەوە، من "ناوس" بووم، ئەوە من بووم هەموو شوێنێکم ڕووناک کردەوە، کەواتە ئاگرەکەی زەردەشت باوە یادگار بووە. مەزارگەی باوە یادگار لە شوێنێکە بە ناوی سەرانە لە چیای داڵەهۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شا ئیبراهیم کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە گوندی شێخان لە هەورامان لەدایک بووە و دۆنی ئیبراهیمی پەیامبەرە، لە کۆمەڵە سروودێکدا بە ناوی زوڵال زوڵال، باسی ئاوێستا و زەردەشت دەکات و دەفەرمویێت:

زوڵاڵ ئاوێستا ئەسڵ دەفتەرەن زوڵاڵ ئاوێستا
بنیام زەردەشت بی دەفتەر وە دەستا زاتش جە بادەی شەهەنشا مەستا

(صفی زادە، ١٣٧٦: ١٢٤-١٢٦)

واتە: ئاوێستا ئەسڵی هەموو دەفتەرەکانە، بنیامین دۆنی زەردەشت بوو، ئەو دەفتەرەی بە دەستەوە بوو (مەبەست ئاوێستایە)، زاتی ئەو مەستی فەیزی ئێزدان بوو.

پیر بنیامین، گەورەی پیرانە و یەکێکە لە هەفت تەن، دۆنی فریشتە (جبرائیل)ە، هەروەها دۆنی چەندین گەورەی پیاوی دیوە لە مێژوودا، لەوانە شاعێری گەورەی فارسیزمان حافزی شیرازی. بە هەر حاڵ، ئاوێستا و زەردەشت لە زۆر سروودی یارساندا باس دەکرێن، بەم سرووده کۆتایی پێ دەهێنین. پیر ڕاستگۆی قەرەداغی یەکێکە لە ناودارانی یارسان، بە پێی سەرەنجام ئەو یەکێکە لە هەفتاودوو پیرە. لە قەرەداغ لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا هاتووەتە دونیاوە و هەر لەوێ ژیاوە ولە گوندی شێخان کۆچی دوایی کردووە. پیر ڕاستگۆ دەفەرموێت:

مێردان خواجام　　پەرێ ئازمایی مێردان خواجام

زەردەشت پەیدا بی وە فەرمان شام　　ئاوێستاش ئاورد پەرێ خاس و عام

چەنی گومراهان ستیزا وە کۆچ　　مەکۆشا پەرێ یاری شەو و ڕۆچ

(صفی زاده، ١٣٧٦: ١٧٧-١١٧٨)

واتە: ئەی باوەڕمەندان، مەولا بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە زەردەشتی نارد، زەردەشت ئاوێستای هێنا بۆ هەمووومان. ئەو بانگی یەکتاپەرستیی دەکرد، شەڕی نەیارانی دەکرد و لە پێناو بڵاوکردنەوەی یاری، شەو و ڕۆژ تێدەکۆشی.

**ئەنجام**

یارسان ئایینێکی کوردییە، لە هەرێمی پەهلەوییان سەری هەڵداوە و بۆ ناوچە نزیک و دوورەکانیش بڵاو بووەتەوە. دامەزرێنەرانی ئەم ئایینە کورد بوون، بەڵام خەڵکانی تریش سەر بە نەتەوەی جیاواز سەریان بەم ئایینە سپاردووە. دامەزرێنەرانی ئەم ئایینە فەرهەنگی کوردیان پێ گرنگ بووە بۆیە ویستوویانە لە ڕێی زمانی کوردییەوە ئەو فەرهەنگە بپارێزن. زۆرینەی کەلام(سرووت)ەکان بە زاری گۆرانییە، بەڵام بە زاری کوردیی ناوەندی(جاف)یش کەلام گوتراوە. فەلسەفەی ئەم ئایینە لەسەر چوار کۆڵەکە بنیات نراوە، ئەویش: (پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا)یە. لە خەسلەتە دیارەکانی ئەم ئایینە: خوشک و برای ئایینی، سمێڵ هێشتنەوە، جگەرەنەکێشان، نەخوارنەوەی ئەلکهول، نەخواردنی گۆشتی بەراز. چونکە ئەم ئایینە باوەڕی بە دۆنایدۆن هەیە، واتە گەڕی ڕۆح لە لەشدا، بۆیە هەموو مردنێک وەک لەدایکبوونەوەیەکی نوێ تەماشا دەکرێت و بەهەشت و دۆزەخ لەسەر ئەم دونیایەدایە. مرۆڤی باوەڕدار دەبێت لە ڕێی ویژدانی خۆیەوە داوەری بکات.

چاکە بکات و لە خراپە دوور بکەوێتەوە. بۆیە گرنگییەکی زۆر بە ڕەوشتبەرزی دەدرێت، هەروەک لە ئایینەکانی تریشدا وایە.

پلەوپایەی ئافرەت لەم ئایینەدا لە هەموو بوارەکانی دینی و دونیاییدا لەگەڵ پیاو یەکسانە، چونکە ئەوەی حیسابی بۆ دەکرێت ڕۆحی مرۆڤە نەک ڕەگەزەکەی. لایەنێکی تر کە گرنگیی تایبەتی پێ دەدرێت مۆزیکە، بە تایبەتی ئەو ئاڵەتانەی لە سەرهەڵدانی ئەم ئایینەدا لەناو کورددا هەبوون، یەکێک لە ئاڵەتە هەرە گرنگەکان (تەمیرە/تەنبوور)ە. پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە بە چاوی ڕێز و یەکسانییەوە تەماشای ئایینەکانی تر دەکەن و پێیان وایە لە کۆتاییدا هەمووان لەبەر دەرکی ئێزدان یەک دەگرنەوە. پیاوچاکانی ئایینەکانی تر لە ڕێی دۆنایدۆنەوە لەم ئایینەدا ڕۆڵیان هەیە. بەو پێیەی کە سەرهەڵدانی ئایینەکە لەنێو کورداندا بووە، وشەکانی کورد و کوردستان لەناو دەقە ئایینییەکاندا بە شانازییەوە باسیان لێوە کراوە. هەمان شت بەنیسبەت ئایینی زەردەشتییەوە کە بنەماکانی ئەم ئایینە کاریگەرییان هەبووە بەسەر بنەماکانی ئایینی یارساندا و تێیدا ڕەنگیان داوەتەوە، هەر بۆیە وشەکانی ئاڤێستا و زەردەشت لە دەقەکانی ئایینی یارساندا بەرچاو دەکەون.

### سەرچاوەکان:


١. الهی، نور علي. (١٣٦١) برهان الحق ، چاپ ششم.
٢. بۆرەکەیی، صدیق (صفی زاده). (١٣٧٦) دانشنامه نام آوران یارسان، احوال و آثار مشاهیر، تاریخ، کتابها و اصطلاحات عرفانی. تألیف و تفسیر، چاپ اول، إنتشارات هیرمند، تهران.
٣. بۆرەکەیی، صدیق (صفی زاده). (١٩٨٢) دوره هفتوانه، جزوی از نامه مینوی سرانجام، کتابخانه طهوری، تهران.
٤. بۆرەکەیی، صدیق (صفی زاده). (١٣٧٠) مێژووی وێژەی کوردی، جلد اول، چاپخانه: چهر تبریز، إنتشارات ناجی، بانه/کوردستان،.
٥. خواجەالدین، سید محمدعلی. (١٣٦٢) سرسپردگان، تاریخ و شرح عقاید و آداب و رسوم اهل حق (یارسان) کتابفروشی منوچهری.
٦. کاکەیی، هاشم. (١٩٨٨) ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور "سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی" بەشی یەکەم ، گۆڤاری کاروان. ژماره ٦١
٧. کاکەیی، هەردەوێڵ. (٢٠١٢) پەیامی کاکەیی، ئامادەکردن و شیکردنەوە، چاپی یەکەم، کەرکووک.
٨. کاکەیی، فەلەکەدین. (٢٠١١) ئایینی کاکەیی(یارسان)، دەسنووس

٩. کاکەیی، هاشم. (١٩٨٨) ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور "سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی" بەشی یەکەم، گۆڤاری کاروان. ژمارە ٦٢
١٠. گولیاموف، صلوات. (٢٠١١) آریا القدیمة و کوردستان الأبدیة، ترجمها عن الروسیة د. اسماعیل حصاف، مطبعة ڕۆژهەڵات/هەولێر.
١١. طاهری، طیب. (٢٠٠٧) سرانجام آیین یارسان، گردآوری، تحقیق و ویراسته ، چاپخانه آراس، اربیل.
١٢. طاهری، طیب. (٢٠٠٩) تاریخ و فلسفه سەرئەنجام، شرحی بر نحلەهای فکری و اعتقادی در کردستان، فرهنگ یارسان. گردآوری، تحقیق و ویراسته. چاپخانه ڕۆژهەڵات/هەولێر
١٣. مرای، دکتر گولمراد. (١٩٩٩) نگاهی گوذرا به تاریخ و فلسفه اهل حق، کتابفروشی ارزان، سوئد.
١٤. هەورامی، نامیق. (٢٠١٣) هەورامی زمانی ئایینی یارسان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.